WWW.KURDISTANNET.ORG
19-9-02 23:30:51

## راگەیاندنی هاوبەش

کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٢/٩/٧ لەبارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK، ئێمەی حزب ولایەنەکانی کوردستان وعێراق کۆبووینەوەوهەلوێستمان لەسەر ئەم خالأنەی خوارەوە یەکخست.

*واچاوەروان دەکرێت باهۆزی گۆرانکارییەکان عێراقیش بگرێتەوەو رژێمی ئێستای عێراق بگۆردرێت، ئێمەی حزب ولایەنەکان پشتگیری خۆمان بۆئەم گۆرانکارییانەلە پێناو سیستەمێکی پەرلەمانی دیموکراتی فیدرالی فرەحزبیدەردەبرین کەتیایدامافی گەلی کوردستان لەسەر بنچینەی فیدرالی پارێزراوبێت کە پەرلەمانیکوردستان بریاری لەسەر داوە، هەروەها داوا دەکەین پەلە بکرێت لەجێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەکوردستان، لەبەرئەوەی ئەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستا لێمان دەخوازێت کەناومالیخۆمان یەکخەینەوەو بەیەك گوتاری سیاسی یەکگرتوو ئامادەکاری بۆ ئەم پێشهاتانەبکەین.

*ماوەیەکە دەولەتی تورکیا بەبەردەوامی هەرەشە لەئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەکات، ئێمە لە کاتێکدا بەتوندی ئەم هەرەشانە ریسواو مەحکوم دەکەین، لەهەمان کاتدا بەرگری کردن لە ئەزموونی گەلی کوردستان بەئەرکی نیشتمانی خۆمان دەزانینو بەرای ئێمە ئەم هەرەشانە زەمینە خۆشکردنە بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی کوردستان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی سیاسیو جوگرافی ناوچەکە بەگشتیومەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەمولایەکمانو رووبەروو بوونەوەشی ئەرکی هەموو لایەکمانە.

*رژێمی دیکتاتۆری بەغدا لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردنو راگواستن لەناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بەردەوامەوگەرەکییەتی دیمۆگرافیایخاکی کوردستان بشێوێنێ، ئێمە لە کاتێکدا ئەم سیاسەتە نەگریسە زۆر بەتوندی ریسوا دەکەین لە هەمان کاتدا داوا لە رێکخراوەکانی (UN)دەکەین کە بوار بە رژێمی عێراق نەدرێت سوود لە بریاری (٩٨٦)وەربگرێت بۆ تەعریبکردنی کوردستان.هەروەها داوا دەکەین گوشار بخرێتە سەر رژێم بۆ ئەوەی هیچی تر کوردو تورکمانوئاشوری لەسەر زێدی باپیرانیان دەرنەکرێنو بەزۆر ناسنامەی نەتەوەییان پێنەگۆردرێت، لەهەمان کاتدا پشتگیری خۆمان بۆ هەموو ئەو هەولانەچ لەناوەوە چ لەدەرەوە دووپات دەکەینەوە کەلە دژی سیاسەتی بە عەرەبکردنو راگواستن دەکرێت.

<u>حزب و لایەنەکان</u>

١- پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق.
٢- کۆمەلەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستانی عێراق.
٣- حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن.
٤- پارتی کاری دیموکراتی کوردستان
٥- بزوتنەوەیدیموکراتی گەلی کوردستان.
٦- بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان / عێراق.
٧- بزوتنەوەی جوتیارانو چەوساوانی کوردستان.
٨- رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان.
٩- بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان.
١٠- پارتی برایەتی تورکمانی عێراق
١١- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان
١٢- کۆمەلەی نەتەوەی کورد
١٣- حزبی رزگاری کوردستان
١٤- بزوتنەوەی میللی کوردستان
١٥- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان
١٦-یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان.

هەولێر
٢٠٠٢/٩/٧